## سەرۆکی دەوڵەت و جەندەکی شانۆ لە فستیواڵی هەولێر!؟

برایم فەڕشی

" لەهەولێر بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتی هەرێم یەکەمین فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی بۆ شانۆ دەستی بە کارەکانی کرد" ئەم هەواڵە لە ماڵپەڕی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە و دوکتور بەرهەم ساڵح لە ڕۆژی کرانەوەی ئەو فستیواڵەدا دەڵێ: " ئەم بۆنە دەرفەتێکی زێرینە بۆ ناساندنی لایەنە پڕشنگدارەکانی شانۆی کوردی بە جیهان." هەروەها ئەو دەفەرمێ: " لەساڵانی رابردوو پانتایی داهێنانی شانۆ وەکو جاران نەماوە و هیوادارم ئەمە ببێتە دەرفەتێك و مایەی هاندانی داهێنانی زیاتر.

سیاسەت و زمانی سیاسەت، کە لە کوردستان بە گشتی و لە باشوور بە تایبەت، تێکەڵ بە حیماسەت و "سەنعەتی ئیغراق" بووە، ئەو ئیزنە بە دوکتور بەرهەم ساڵح دەدات کە شانۆی" پانتادابەزیو و داهێنان داکەوتوو" وەک شانۆی پڕشنگدار لە جیهانی داهاتوودا ببینێ! قسەکانی بەرهەم ساڵح جگە لە هیوا بە داهاتووی شانۆ، لە هەمان کاتدا چەند ڕاستی زەق دەردەخەن:

١- پلە وپایەی شانۆ لە باشووری کوردستان دوای هاتنە سەر کاری حکوومەتی دوو حزبی لە کوردستان، هەنگاو و بە هەنگاو و پلە بەپلە دابەزیوە.
٢- حکوومەتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە هەتا ئێستا بوونی شانۆی بە بەڕێوەبردنی فستیواڵ لە سولەیمانی و هەولێر بەستۆتەوە.
٣- حکوومەتی کوردستان لە ماوەی ٢٠ ساڵ دەستەڵاتی خۆیدا، نەیتوانیوە یان نەیویستووە بە پێی پلان و بەرنامە لە سەر بنەمایێکی نەتەوەیی، نەک ناوچەیی و حزبی و گرووپی، شانۆ وەک ئەرکانێکی دەوڵەتی و میللی و وەک کۆڵەکەیێکی فەرهەنگی و ڕوونمایێکی شارستانیەت ببوژێنێتەوە.

ئەو وتانەی کە لە زمانی بەرهەم ساڵحەوە لە ماڵپەڕی ڕەسمی حکوومەت و کوردستانی نوێ(زمانی حاڵی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان)، دەگێڕدرێتەوە، هەم دەربڕی بەرزەفڕی و خەیاڵاتی جەنابی وەزیرە، هەمیش ئیسباتی کار لەنگی شانۆ! ئەگەر پانتای شانۆ وەکوو جاران نەمابێ، فستیواڵ ناتوانێ پانتای شانۆ بەرینتر کاتەوە! ئەگەر هیوا ئەوە بێ فستیواڵ گرفتەکانی شانۆ چارەسەر بکات، ئەوە بەڕێوەبەری حکوومەتی کوردستان، یەکێک لە سەرەکی ترین ئەرکەکانی خۆی و وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و پەروەردە کە ناسینی گرفتەکانی شانۆ، پلان دانان و بەڕێوەبردن و بە ئەنجام گەیاندنی پلان و پرۆژەیە، پشت گوێ دەخات و لە فستیواڵی شانۆدا ڕزگاری شانۆی کوردستان دەبینێ، کە ناگونجێ.

فستیواڵێکی دەرەکی کە چەند ڕۆژ بەردەوام دەبێت و ١٠٠ کەسی بیانی و ٦٥ کەسی هاووڵاتی تێیدا بەشدار دەبن و پاشان دەگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، جێگای پلان و پرۆژە و چارەسەری گرفتەکانی شانۆ ناگرێتەوە. لە ماوەی بیست ساڵی ڕابووردودا دەکرا وڵاتێک پڕ لە شانۆ بە شێوەی سیستیماتیک و ئەورۆیی هەر لە باخچەی منداڵانەوە هەتا زانستگا ساز بکرێ و پەرە بە شانۆی دەوڵەتی و ئەهلی بدرێ. ئەو کات لە فستیواڵەکانی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی "لایەنە پڕشنگدارەکانی شانۆی کوردی" دەردەکەوت. ئەوەێ ئێستا بە ناوی شانۆ لە باشووری کوردستان هەیە، ئەوەندە نییە کە رەییسی حکوومەت بتوانێ لە بەرانبەر ١٠٠کەسی بیانی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، باسی لێوە بکات، هەر بۆیە بەرهەم ساڵح پەنا بۆ ڕابووردو دەبا و دەڵێ:" لەم بۆنەیەدا دەهێنێ ئاوڕێك لەهونەری شانۆ و کەڵە پیاوانی شانۆکار لەهەرێمی کوردستان و یەکەم دەقی شانۆیی و نوسەرانی شانۆیی بدەینەوە"

جەنابی وەزیر لە یەکەمین فستیواڵی ناونەتەوەیی شانۆ لە هەولێر، بۆ ناسینی مێژووی زیاد لە حەفتا ساڵەی نمایش و شانۆی وڵاتەکەی کە بەرهەمی ڕەنجی ژن و پیاوی شانۆکار وکەسانی شانۆ بووە، هیچی بۆ گووتن نییە جگە لەوەی بفەرمێ، ئاوڕ لە "کەڵە پیاوانی شانۆکار"[کەڵە پیاو] و "یەکەم دەقی شانۆ و نووسەرانی شانۆ" بدەنەوە.

ئەو کارانەش کە دەوڵەتی کوردستان بۆ شانۆی"کەڵەپیاوان" ئەنجامی داوە، بەم چەشنە باسی لێوە دەکرێ: " سەرۆکی حکومەت لەپاڵ ئەوەش کورتەیەکی لەهەوڵەکانی حکومەت بەبیر ئامادەبووان هێنایەوە بەتایبەت سندوقی پاڵپشتی داهێنەران و هاندانی وەبەرهێنان و سندوقی خانەنشینی و چەندانی دیکە، ووتیشی ئەمانە بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەت و دوور لە خاتر و خاترانە بۆ خزمەتی رۆشنبیرانی هەرێمی خراونەتە گەڕ ."

هەرچەند هەموو شت لە باشووری کوردستان لە سەر ئەسڵی" خاتر وخاترانە" ئەنجام دەدرێ، بەڵام ئەو کارانەی دەوڵەت جێگای ئافەرین پێگوتنە، لەوە بەدەر جەنابی وەزیر بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی شانۆ، پلان و پرۆژەی حکوومەت لە بیست ساڵی ڕابووردو و ئەمڕۆ و دواڕۆژ هیچی بۆ باسکردن پێ نییە. نووسەری ڕاپۆرتەکە دەنووسی: " لەبەشێکی

دیکەی قسەکانیدا سەرۆکی حکومەت داوای لە وەزارەتی رۆشنبیری کرد ، بەهاوکاری پسپۆران وەرەقەیەك گەڵاڵە بکەن بۆ بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی بە بەشێوەیەکی بەرجەستە کاری لەسەر بکرێت[1]"

ڕوون نییە مەبەست لە گەڵاڵەکردنی "وەرەقە" بۆ کارکردن بە شێوەی "بەرجەستە"چییە، کە پسپۆڕان دەبێ بیخەنە بەر دەم ئەنجومەنی وەزیران! بیست ساڵە "وەرقە"، دەنووسرێ و دەدرێ بە ئەنجوومەنی وەزیران، بێ ئەوەی گۆڕانێک ڕوو بدات. دەوڵەتەکانی پێشوو و دەوڵەتی بەرهەم ساڵح رێگاچارەی شانۆیان لە بەرپاکردنی فستیواڵ و وەرەقەبازیدا دیتۆتەوە.

کوردستان لە ساڵانی ڕابووردودا بۆتە وڵاتی کۆنفرانس و فستیواڵ و کۆنسێرت، بە ملیۆن پارە تەرخان دەکرێ بە بێ ئەوەی چارەی گرفتەکان بکردرێ، لەوە دەچێ حکوومەتی کوردستان بەو پارە زۆرەی کە نەوتی ڕەش بۆی دابین دەکات، لاسایی حکوومەتی تاران بکاتەوە! تاران فەرهەنگ و هونەری لە وڵاتەکەی خۆی هەتا سەدەکانی بەربەرییەت دابەزاندوە و بەردەوام فستیواڵی شانۆ و سینەما لە ئاستی نەتەوەیی و ناونەتەوەیی بەڕێوە دەبا. لە کوردستان ٤١ سینەما لە ماوەی ٣٢ ساڵ حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، وێران کراون، هۆڵی شانۆ بە چۆڵی ماوتەوە و شانۆکار و فیلمساز و ئاکتۆر تاراندراون، بەڵام بۆ پروپاگەندە و چاوبەستنی خەڵکی خۆیی و دەرەکی ساڵانە لە کوردستان و شوێنەکانی دیکەی ئێران فستیواڵی هەمە ڕەنگ بەڕێوە دەچێ.

لە باشوور سینەما و هۆڵی شانۆی ستاندارد بە دەگمەن هەیە و فیلمی سینەمایی بە هەڵکەوت و بۆ بەشداری لە فستیواڵەکانی جیهانی لە ڕێگای دەستە و تاقمەکانی ناو حکوومەت و حزبەکان بەرهەم دەهێندرێ، بەڵام فستیواڵی سینەما بەرپا دەکرێ، شانۆ لەو حاڵەدایە کە سەرۆکی حکوومەت باسی دەکات، تەرح و بەرنامە و پرۆژەی ئەساسی بۆ لە ناوبردنی گرفتەکانی سەر ڕێگای شانۆ و سینەما نییە و تاقە گۆواری شانۆ و سینەما داخراون، بەڵام فستیواڵی ناونەتەوەی شانۆ لە سەر ویستی چەند کەسێک و بۆ مەبەستی سیاسی و پروپاگەندە و بەرژەوەندی تەسکی حزبی و گرووپ و دەستە و تاقم، نەک بۆ بووژاندنەوەی شانۆ، بەرپا دەکرێ!

ئەگەر بمانەوێ کوردستان لە گەڵ وڵاتێک بەراوەرد بکەین دەبێ سەیری کۆماری ئازەربایجان بکەین، ئەو وڵاتە کە هاوکات لە گەڵ باشووری کوردستان ڕزگار بووە و نفووسی هەر هێندەی باشوورە و لە زۆر بوار خۆی گەیاندۆتە پلەی جیهانی، بە تایبەت هونەر و فەرهەنگ، لەوانە شانۆ و ئوپێرا. بە پێچەوانە لە کوردستان لە پاڵ برەوپەیداکردنی زەرق و بەرقی ژیانی ئەمڕۆیی، پاشەکشەی فەرهەنگی و تەشەنەی ئیسلامی ئێرانی و عەرەبی لە ناو کۆمەڵگای کوردستان و کوردەکانی دەر و ژووری باشووردا دەبیندرێ، کە بەرهەمی سیاسەتی حکوومەت و حزبەکانی باشوورە. هەر ئەو لایەنەش ئەمڕۆ لە ناو کوردەکانی باشوور نیشتەجێ لە ئوورووپا بڕەوی پەیدا کردوە، نەک لایەنە"پڕشنگدارەکانی" شانۆ و فەرهەنگ و هونەری کورد!
لە کۆماری ئازەربایجان هیوا و ئارەزووەکان دەبنە پلان و بەرنامە و جێ بەجێ دەکرێن، لە هەرێمی کوردستان(عیراق) بە پێچەوانە بەرباد دەدرێن و دەبنە وتاری کردنەوەی فستیواڵ و کۆنفرانس و کۆنگرەکان!

سپتامبری ٢٠١١ ئاڵمان

بابەتی پێوەندیدار:
"شانۆی ئەن دێر روهر" کام "پەنجەرەیە بە سەر شانۆی کوردییەوە[1]"؟!
http://www.dengekan.com/doc/2006/9/18/braimFarshi.htm
ئەگەر شانۆ لە کوردستان مردبێ، چی زیندوە؟
http://www.pertwk.com/ktebxane/node/1177

---

[1]- ئەوەی لە ماڵپەڕی حکوومەتی کوردستان ڕاگوێزراوە، وەک خۆی لێردا بڵاوکراوەتەوە، ئەگەر هەڵەی چاپی و ڕێزمانی تێدابێ، وەباڵی گەردنی نووسەرەکە و ماڵپەڕی ناوبراوە.